دیارترین ئەو سەرچاوانەکانی مێژووی کۆنی شام ئەنادۆل چین؟

**- پاشماوە نەنووسراوەکان: هەموو ئەو پاشماوە نەنووسراوانە دەگرێتەوە کە بۆ چاخەکانی پێش مێژوو و سەردەمی مێژوو دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە پاشماوانە بەهیچ شێوەیەك زانیاری تۆمارکراو ناخەنە بەردەست لەبەر ئەوە نابنە سەرچاوەی مێژووی کۆنی شام و ئەنادۆل، ئەم جۆرە پاشماوە نەنوسراوانە هەریەکە لە(خانوو، پەیکەر، کەل و پەلی ناوماڵ و کارکردن و راوکردن و شەڕ کردن....)دەگرێتەوە کە لە(گڵ و دار و بەرد و کانزا و ئێسك) دروست دەکران . بەشێك لەپاشماوە نەنووسراوەکانی شام و ئەنادۆڵ کەبۆ سەردەمی چاخەکانی بەردینی (کۆن و نوێ و کانزای) دەگەڕێتەوە لەناوچەکانی(سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئوردن، ئەنادۆڵ) دۆزراونەتەوە ، جگە لەوەش پاشماوەی نەنووسراوی سەردەمی( ئاموری، کەنعانی، ئارامی، عیبرانی، حیسی و ئەخمینی و یۆنانی و رۆمانی...) لەشام و ئەنادۆل دۆزراونەتەوە .**

**٢-پاشماوە نووسراوەکان : بڵاوبوونەوەی نووسینی مسماری و هیرۆغلیفی لە وڵاتی شام کۆتای بەچاخەکانی پێش مێژوو لەنیوەی هەزارەی سێیەمی پێش میلاد لەشام هێنا، بەڵام یۆنانیەکان لەسەدەی هەشتەمی پیش میلاد ئەلف و بێی فینقیان وەرگرت و لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمبراتۆرییەتی یۆنانی بڵاوبوویەوە لەنێویشیاندا ئەنادۆڵ، سەرچاوە نووسراوەکانی ئەم سەردەمەش بریتی بوون لە(کتێب، نووسراوی کەسی و سەرگۆڕەکان، نووسراوە حکومی و ئاینیەکان، نووسراوە ئەدەبیەکان )، جگە لەوەش کتیبە ئاینیەکانی وەکو(قورئان، تەورات، ئینجیل) زانیاریان دەربارەی مێژووی شام وئەنادۆل خستۆتە روو هەروەها سوممەرییەکان و ئەکەدییەکان و میسرییەکان و یۆنان و رۆمانەکان زانیاری مێژوویان دەربارەی مێژووی کۆنی شام و ئەنادۆڵ خستۆتە روو .**

پ٢// ئەم بۆشاییانە پر بکەرەوە:

١- سنووری وڵاتی شام لە باکور ............ لە باشور ....... لە رۆذهەلات................. لە رۆذئاوا.................
٢- سنووری وڵاتی ئەنادۆل لة باکور............ لة باشور....... لة رۆذهەلات............ لە رۆژئاوا............
٣- ئەو وڵاتانەی کە سنووری وڵاتی شام پێکدەهێنن ١-......... ٢-.............. ٣-............. ٤-.............

پ٣// گرنگی هەڵکەوتەی جوگرافیای شام بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

**ئەوەی زیاتر ستراتیجی هەڵکەوتەی جوگرافیای شام دەردەخات ئەوەیە کە کەوتبووە نێوان شارستانیەتی هەرسێ کیشورەی(ئاسیا، ئەفریقیا، ئەوروپا) واتا کەتبووە نێوان ململانێی شارستانیەتەکانی دۆڵی دوو رووبار و نیمچەدوورگەی عەرەبی و میسر و یۆنان و رۆمان، هەرچەندە ئەم شوێنە جوگرافیە سوودی بەخەڵکی شام گەیاندبوو لەرووی پەیوەندی بەشارستانیەتەکانی دیکەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تووشی مەترسی شاڵاوی دەوورو بەری دەکردەوە .**

**پ٤// ناوە کۆنەکانی وڵاتی سوریا باس بکە؟**

ناوی(سوریا) لەمێژوودا بەشێوەی جیاواز هاتووە وەکو( سورستان، سریۆن، سوری، سری، ئەسیر...)، بەڵام عەرەبەکان پێیاندەوت (شام) بەواتای (چەپ یان باکوور) لەبەرامبەر (یەمەن) بەڵام خەڵکی حیجاز بەچەپ و راستی خۆیان وتووە دەستی(یەمەنی) و دەستی(شومی) واتا دەستی شام .

لەسەرچاوەکانی عیبری زاراوەی(سریون) بەکارهاتووە، یۆنانیەکان زاراوەی( Syr i a - سیریە )یان بەکارهێناوە، بەڵام لەسەدەی چواردەهەمی پێش لەدایك بوون لەدەقێکی مێژوویدا لە(اوغاریت) بەشێوەی(SHRYN- شرین) هاتووە .

دانیشتوانی کۆنی عێراق بەم ناوچەیەیان وتووە (عمورو یان امورو) کە لەزاراوەی(مارتۆ)ی سومەرییەوە هاتووە، هەروەها بابلیەکان بەهەرێمێك لەباکووری فورتیان وتووە(سو- ری) یان (سر- ری)، سومەرییەکانیش پێیانوتووە(مارتۆ) کە بەواتای(رۆژئاوا) هاتووە، لەسەردەمی یۆنانییەکان زاراوەی سوریا بۆ هەموو وڵاتی شام بەکار هاتووە .

پ٥// دیاترین شانشینةكاني ئامورەکان بژمێرە ؟

١-حلب : شانشینی (یمحاض- یمخد)پایتەختەکەی شاری حلب بوو کەبەشێوەی(خلبو) هاتووە .

٢-ئیسن : لەدۆڵی دوو رووبار دامەزرا

٣- شانشینی ماری : ئەم شانشینە لەسەر رووباری فورات لەسوریا دامەزرا .

٤-ئاشوور : ئامورییەکان لەباکووری دۆڵی دوو رووبار دایانمەزراند .

٥-بابل : ئامورییەکان لەناوەڕاستی دۆڵی دوو رووبار دایانمەزراند .

٦- جبلا : لەلوبنان کەشاری(جبیل)ی ئێستایە .

پ٦// دروست بوونی کۆمەڵە شانشینێکی ئاموری چ کاریگەریەکی لەسەر لایەنی سیاسی دروست کرد ؟

دروست بوونی ئەم شانشینانە بووە هۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی ئامورییەکان چونکە شانشینەکان لەململانێی یەکتردا بوون، هەروەها دوو هێزی گەورەش لەناوچەکە دەرکەوتن ئەوانیش حیسیەکان و میسرییەکان بوو، ئەم دوو هێزە بەردەوام لەململانێدا بوون بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەکانی شامدا ئەمەش وایکرد بوو دەسەڵاتی ئامورییەکان تەنها لەناوچەکانی باکووری لوبنان و دەووروبەری دیمەشق بمێنێتەوە، بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی سیاسی لەشام ئاڵۆز بوو هەڵوێستی دانیشتوانی ناوچەکە دابەشی چەند لایەنێك بوون .

پ٧// یەکێك لە دیارترین سەکردەکانی ئامووری کەتوانی کۆتایی بە پەرتەوازەییەکەیان بهێنێت کێ بوو لەو بارەیەوەی بدوێ؟

یەکێك لەپاشا بەهێزەکانی ئاموری بەناوی(عبدعشرتا) توانی کۆتای بەو پەرتەوازەی و بارودۆخە خراپە بهێنێ و دەست بەسەر هەموو شانشینەکاندا بگرێت و شانشینێکی یەکگرتوو بەناوی شانشینی(ئامورۆ) دامەزرێنێ کەپایتەختەکەی(سیمیرا) بوو، عبدعشرتا توانی دەست بەسەر شارە کەناراوییەکانی شامدا بگرێت .

دوای مردنی عبدعشرتا کوڕەکەی بەناوی(عزیرۆ) شوێنی گرتەوە و لەرسەر رێچکەی باوکی رویشت و بگرە تووندتریش بوو لەهێرش و شاڵاو بۆسەر ناوچەکانی(حماه ، دیمشق)، هەروەها هاوپەیمانیەکی لەگەڵ پاشای حیسیەکان بەستا و توانی کۆتای بەدەسەڵاتی میسریەکان لەشام بهێنێ، هەرچەندە کەنعانیەکان کە هاوپەیمانی میسرییەکان بوون داوای یارمەتیان لەئامنحوتبی چوارەم(اخناتون) کرد بەڵام بەهۆی سەرقاڵ بوونی بەدامرکانەوەی شۆڕشی ئاینی نەیتوانی یارمەتی کەنعانیەکان بدات .

پ٨// زماني ئاموريةكان باس بكة؟

زمانی ئامورییەکان بۆ ئەو کۆمەڵە زمانە دەگەڕێتەوە کەناونراوە زمانەکانی(سامی باکووری رۆژئاوا )، هەروەها لەگەڵ زمانی ئەکەدییەکان جیاوازە بەڵام لێکچونێکی کەمی لەگەڵ زمانی کەنعانییەکاندا هەیە، هەر ئەمەش وایکردووە بەشیك لەتوێژەران پێیان بڵێن(کەنعانیەکانی رۆژهەڵات) . ئامورییەکان دەقێك یان نووسراویکیان بەزمانی خۆیان بەجێ نەهێشتووە چونکە کاتێك چونەتە شارەکانی دۆڵی دووروبار و شام کۆچەر بوونە و بەناوچەکاندا گەڕاون و نووسین و خوێندنەوەیان نەزانیوە بەڵام دوای جێگیربوون و وەرگرتنی دەسەڵات سیما شارستانیەکانی ئەو ناوچەیان وەرگرتووە لەنووسین و خوێندن وەکو بەکارهێنانی خەتی مسماری و زمانی ئەکەدی چونکە ئەم خەت و زمانە لەهەزارەی دووەمی پێش میلاد زمانێکی جیهانی بووە .

پ٩//گرنگترین تایبەتمەندیەکانی شارە ەنعانیەکان بژمێرە؟

-شوێنی هەڵکەوتەی شارەکانی کەنعانی دەکەوتنە زەویە نزمەکان و دەشتەکان و کەناری دەریا، هەڵکەوتەی شارەکان رۆڵی هەبوو لەگەشەکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و بازرگانی و راوەماسی و پیشەسازی رەنگکردن و چەندین لایەنی دیکە .

٢-کەنعانییەکان دوو شورایان بەدەوری شارەکانیاندا دروستدەکرد لەپێناو پارێزگاری کردن چونگە ناوچەکانی کەنعانی بەچەندین هێزی ناوخۆی و دەرکی وەکو حیسیەکان و میسریەکان و هێزەکانی دۆڵی دووروبار و ئامورییەکان دەورەدرابووئەمەش وایکردبوو ناوچەکە ببێتە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزەکان بەتایبەتی ئیمبراتۆریەتی حیسی و میسر .

پ١٠// لایەنی ئابووری و پیشەسازی کەنعانیەکان باس بکە؟؟

لایەنەکانی ئابووری وپیشەسازی کەنعانیەکان:

کەنعانیەکان گرنگی زۆریان داوە بە لایەنی ئابوری بەتایبەتی بازرگانی و کشتوکاڵ  وراوکردن وەک راوە ماسی، کشتوکاڵ بە بنەمای  سەرەکی دادەندرێت هەرچەندە روبەرێکی بەرفراوانی زەویان نەبووە بەڵام بەشێک لەسەر چیاکانیشیان بۆ کشتوکاڵ کردن بەکار هێناوە، بەچاندنی داری بەردار وەکو: ترێ وهەنجیرو هەنار وسێو داری زەیتون ..هتد بەناوبانگ بوونە. بەتایبەتی لەبەرهەم هێنانی ترێ، سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردوە ترێیان بۆ یۆنان وگواستۆتەوە لەوێویێشەوە بۆ ئیتالیا گوازراوەتەوە. هەروەها دانەوێڵەیان بەرهەم هێناوە وەک گەنم وجۆ وگەنمەشامی ..، هەروەها لوبنان بە بەرهەم هێنانی داری ئیرز بەناوبانگ بووە بۆ دروستکردنی کەشتی وپێداویستی تر بەکارهاتووە، جوتیارەکان چینی خوارووی کۆمەڵگەی کەنعانی بوونە، پیشەکاران وبازرگانە بچووکەکان چینی ناوەند بوون، خاوەن زەوی وگەورە دەرەبەگەکان و بازرگانەکان چینی سەرەوەی دانیشتوان بوونە.

له رووی پیشەسازی:

کەنعانیەکان لە کۆمەڵی پیشە شارەزاییان هەبووە، وەکو:

1 - فوخار کاریگەری تەواوی عێراقیەکانیان پێوە دیار بووە بەوەی چەرخیان بەکار هێناوە بۆ دروستکردنی قاپوقاچاخە فوخاریەکان.

2 - لەرووی کانزاکارییەوە بەتایبەتی لە پیشەی مس وبرۆنزو زێروزیو شارەزایەکی تەواویان  لە بارەی پیشەی کانزاکاری هەبووە بەتایبەتی دوای ئەوەی بەهۆی گەشتەکانیانەوە بۆ شوێنە دوورەکان کانزایی هەمەجۆریان دەهێنا ئەوپەڕی وردەکاری شارەزایی لە بەرهەمەکەیان بەدی دەکرا قوک لە دروستکردنی کەلوپەلەکان وهۆکارەکانی جوانکاری ورازاندنەوە لە بازن وگوارەو ملوانکە..، پارچەیەک لە زیویان دروستکردبوو سەک دراو بەکاریان دەهێنا، هەروەها لەدروستکردنی ئامێرە مۆسیقاییەکان وەک قیسارە وناي وزورناو دەفە شارەزا بوونە

3 - پیشەی دروستکردنی بەردەگرانبەهاکان وشوشە دروستکردن دەستێکی باڵایان هەبووە هەرچەندە میسرەکان پێش کەنعانیەکان پیشەی شوشەیان زانیوە، بەڵام کەنعانی شوشەی روون و تەنکیان دروستکردووە،

4 - رستن وچنین شارەزا بوونە کەرەستەی سەرەتایی ئەم جۆرە پیشەیە بریتی بووە لە خوری وۆکە و کەتان بە شێوەیەکی بەرفراوان لە وڵاتی فنیقیا دەچێنرا، سەرەتا خوری ئاژەلەکانیان وەک مادەی خاو بەکار دەهێنا بەڵام دواتر توانیان خوری لەدەرەوە هاوردە بکەن بەتایبەتی لە وادی رافدین وتورکیا. لۆکەش لە میسر ، دروستکردنی قوماش لە خوری ودواتر لۆکەیان بەکاردەهێنا ، باس ەوەکراوە پاشای ئاشور سەنحاریب ئەو رووەکەی لۆکەی لێ دروستدەکرا لە سوریا بۆ عێراقی هێناوە، هەروەها لۆکە لە سوریا بۆ یۆنان گوازراوەتەوە ، هەروەها چنینی کەتانیان زانیوە  لەگەل پیشەی ئاوریشم  یەکێ لە پیشە بەناوبانگەکان بووە بەتایبەتی شاری صور لە سەدەی ٦پ.ز شارەزایەکی باشیان هەبووە ،

5 - پیشەی دروستکردنی بۆیە رەنگی سوری ئەرخەوانی لەشارەکانی (ئۆگاریت،صور،صەیدا)زۆر پێشکەوتووبووە لەم پیشەیە. ئەم ڕەنگە لە جۆرە بونەوەرێکی دەریایی لە کەنارەکان دەست دەکەوت

هەروەها ئەم پیشەیە واتا دەرهێنانی ئەم جۆرە ڕەنگە کردارێکی زۆر ئالۆزو زەحمەت بووە پێویستی بە زانای وچۆنیەتی دەرهێنانی هەبووە.لەگەل ئەو هەموو بەرهەمە جۆراوجۆرەی کە کەنعانیەکان هەیان بوو پێویستیان بە بازار هەبوو بۆ ساغکردنەوەی وفرۆشتنی بۆ ئەمەش زیاتر ڕێگای ئاویان بۆ گواستنەوەی بەرهەمەکانیان بەکارهێناوە

پ١١// پێناسەی شەری زاما بکە و ئەنجامەکانی ڕوون بکەرەوە؟

شەڕی زاما: ئەو شەڕە بوو کە لە نێوان رۆمانەکان و قرتاجەکان رووی دا لەسەردەمی پاشا (هانی بال) لە ساڵی (١٩٦پ. ز) پاشای ناوبراو نەیتوانی بەرامبەر بە رۆمانەکان خۆی بگرێت بۆیەی بەرەو شاری (صور) رایی کرد لە ئەنجامدا بووە هۆی سەرکەوتنی رومانەکان بەسەر قرتاجەکان.

ئەنجامەکانی شەڕی زاما:

١- سەرکەوتنی رومانەکان بووە هۆی تۆمار کردنی وێنەیەکی ناوازە لە مێژوودا.

٢- سوتان و وێرانکردنی شارەکە لەلایەن رومانەکان

٣- دەست بەسەرداگرتنی هەموو دەریای ناوەڕاست لەلایەن رومانەکان.

پ١٢// بۆچوونە جیاوازەکان دەربارەی ناوەکانی ئارامیەکان بخەڕوو؟

یەکێکن لە هۆزەکانی سامی نەژاد کۆچیان کردۆتە ناوچەکانی باکوری دورگەی عەرەبی هەنگاو بە هەنگاو لە ناوەڕاست و باکوری وڵاتی شام وبەشی باکوری ڕۆژئاوای وڵاتی نێوان دوو زێ لەنگەریان گرتووە.

ناوی ئارامیەکان: بیروبۆچونی جیاواز هەیە سەبارەت بەناوەکەیان لەوانە:

1- ناوی خواوەندە
2- ناوی نەتەوەیەکە
3- گەلانی وڵاتی بەرز
4- دواتر گشت هەرێمەکان هیلال خەسیبی پێ وتراوە
5- هەندێکی تر وای بۆدەچن حیسیەکان ئەم ناوەیان بۆ ئەم میلەتانە بەکارهێناوە لە بەرزیەکانی رووباری دیجلە و فورات نیشتەجێن کاتێ هاتن بۆ سوریا وداگیریان کرد ناوەکەیان لەگەل خۆیان گواستەوە بۆ ئەوێ
6- کۆنترین ئاماژە بۆ ناوی ئارامی بۆ سەردەمی ئاشوریەکان دەگەریتەوە پەیێی نوسراوی پاشا (تجلاتبلێزەری یەکەم ١١٠٠پ.ز)س دەلێن ئەو کات وڵاتی ئارامی لە بەشی ناوەراستی رووباری فورات تا سوریا لە رۆژئاوا بووە لەم بارەیەوە دەلێ: ( تا ناوەراستی ئەخلامۆ ئارامیەکان دوژمنی خواوەند ئاشر رۆیشتم)
7- لە نامەکانی تل عەمارینە بەتایبەتی بۆ سەردەمی پاشا ئەخناتون دەگەرێتەوە ئاماژە بەوە دەکات هۆزەکانی ئارامی وڵاتی سوریایان داگیرکردووە دەسەڵاتی میسریەکان لەم هەرێمە

نەهێشتووە وا پێ دەچێت لەم ماوەیەودا ناوەکەیان بە شێوازی ئەخلامۆ هاتبێت دواتر لەبەر زۆری بەکارهێنانی ئەم ناوە وای لە زانایان کردووە کە بەدوای مانای وشەی ئەخلامۆدا بگەڕێن.

8 - ئامۆریەکان ناوی خیلم یان وەرگرتووە بۆ ئەم میلەتە بەکاریان هێناوە دواتر لەبەر ناوداری ئەم بەشەی هۆزانی ئارامی ئەم ناوە بووەتە ناوی بەشێک لە هۆزەکانی ئارامی وبەوەی کە بە ئەخلامۆ ناوزەندی کرایە.

پ١٣// گرنگترین ئەو دەوڵەتانەی کە ئارامیەکان لە نێوان عێراق و سوریا دروستیان کرد دیاری بکە؟

لەم ماوەیەدا توانیان چەند دەوڵەتێک لە نێوان سوریا وعێراق دابمەزرێنن.

1 - وەک لە ساڵی ١٢٠٠پ.ز دەوڵەتێک بەناوی (ئارام نەهر ئەیم) واتا ئارامی نێوان دوو روبار کە بەمەبەستی هەردوو روباری فورات وخابورە . لە نوسینی مسماری بە نهارین ناوی هاتووە

2 - بیت ئەدینی لە بەشی باکوری دۆلی دوو روبار دامەزراند پایتەختەکەی ناوی تل برسیب بوو دەکەوێتە گردی ئەحمەر لەسەر رووباری فورات

3 - بیت بەخیان مەلبەندەکەی تل جوزابا دەکەوێتە گردی حەلەف

چەند دەولەتێکی تریان لە عیراق دامەزراندبەوەی بەشێکیان رویان کردە بەشی ناوەراست وخوارووە وەکو:

- بیت یاکین کۆمەلێکی تر دەلێن ئەوان دەولەتێکی بەهێزیان لەژێر ناونیشانی کلدانیەکان دامەزراند بەوەی توانیان ئیمپراتۆریەتی ئاشوری بە هاوپەیمانی میدییەکان لە ٦١٢پ.ز لەناوبەرن وتوانیان ئیمپارتۆریرتێکی بەرفراوان دابمەزرێنن زۆربەی جیهانی کۆن کۆنترۆڵ بکەن

چەند دەوڵەتێکی بچوکیان لە سوریا ورۆژهەلاتی ئوردن دامەزراند لەوانە

1 - بیت ئاجوش لە دەوروبەری حەلەب

2 - فەدان ئارام پایتەختەکەی حەران، حەران شوێنێکی گرنگی بازرگانی وئاینی بووە شارستانیەتی ئارامی بە شێوەیەکی بەرفراوان تێیدا گەشەی کرد ، عیبرانیەکان ئاماژە بەوە دەکەن باپیرە گەورەی جوەکان لەو شارە نیشتەجیبونە بەر لەکۆچکردنیان بۆ فەلەستین

باس لەوە کراوە لەو هەرێمە مەبەست لە فەلەستین بەزمانی ئارامی قسەیان کردووە بەلام دواتر کە کۆچیان کرد زیاتر زاراوەی کەنعآنی ناوخۆیان بەکارهێناوە

- پ١٤// هۆکاری جیابوونەوەی باکوروباشور لە زۆر بواردا جیاواز بون لەوانە:

باشور

١- لە ڕووی ئابووریەوە بە پیشەی شوانكاری خەریك بوونە .

٢- لەڕووی ئاینیەوە یەکتاپەرست بوونە خواوەندێکیان پەرستوە بە ناوی (یەهوە )

باکور

١- لەڕووی ئابووریەوە دانیشتوانەکەی بە کشتوکاڵی کردن خەریك بوونە هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بە پیتی خاکەکەی بەرهەمی جیاوازی وەکو : گەنم و جۆ زەیتون ...

٢- لەڕووی ئاینیەوە بێ باوەڕ و بت پەرست بوونە

پ١٥// حیسەکان کێ بوون و لایەنی شارستانیەتیا ڕوون بکەرەوە؟

## حیسیەکان:

حیسیەکان یەکێکن لە کۆمەڵەی هیندۆ ئەورووپیەکان، کە توێژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە لە چیاکانی قەفقاسەوە هاتوون، ئەمانە کۆچەکەیان بەیەکجار نەبووە بگرە ناوە ناوە و بە بەردەوام هۆزەکانی حیسی کۆچیان کردووە بۆ ناوچەکانی شام و فەلەستین و هەروەها ئەنادۆلیش، ئەوەی دەیسەلمێنێ کە بنەچەیی مێژوویی حیسیەکان دەگەرێتەوە بۆ قەفقاس ئەوەیە کە لە پاشماوە شوێنەواریەکان دەردەکەوێت کە رەگەزیان دەگەرێتەوە بۆ گەل و هۆزەکانی شەرکەس و شیشانی هەروەك ئەم دوو هۆزە لە باپیرانی حیسیەکانە بوونە، بگرە ئەمەش لە رێگەی لیکۆلینەوە لە زمان و جل و بەرگ و داب و نەریتیان دەرکەتووە، دوای کۆچ کردنیان بۆ ئەنادۆڵ ولاّتی (تورکیای ئیستا) توانیان پایتەختێك بۆ خۆیان دیاری بکەن کە شاری (کۆشار) بوو بەیەك پایتەختیان دواتر لە سەدەی دووەمی پێش زاینی لەسەردەمی پاشا هاتوسیلی یەکەم پایتەختەکەیان دەگوازنەوە بۆ شاری هاتووسا. سەبارەت بە ناوی ئیمبراتۆریەتەکە لەسەدەی دووەمی پێش زایین بە (حاتی یاخود خاتی ) لەو سەروبەندە ناویان هاتووە.

هەندێك لایەنی شارستانی حیسیەکان:

وا دیارە لەو شێوە ژیانەی لەو سەردەمەدا هەبووە میللەتان زۆرینەیان سەسام دەبوون بەلایەنە شارستانیەتیەکانی ئەوانی دیکە لەو پێو دانگەشەوە شتێکی ئاسایی بووە کە حیسیەکانیش لە زۆرێك

لایەنەکانەوە سەرسام بوونە بە گەلانی دەوروبەریان بەتایبەت لەرووی ئەدەب و هونەر و ئایینیانەوە، ئەوان لە رووی سیستەمی فەرمانرەواییەوە زۆر پێشەکوتوو بوونە لەچاو گەلانی دەوروبەریان بگرە زۆر یاسایی و مۆرڤایەتیان تێدا بینراوە ئەوەی ئامانجیان بووە قەرەبوو کردنەوەی زیان و هەڵەکان بووە نەك سزا و ئازار .

لە رووی زامانەوانیەوە:

ئەوەی تێبینی دەکرێت دەربارەی زمانی حیسیەکان ئەوەیە زمانی ئەوان بەشێك بووە لە زمانی هیندۆ ئەوروپیەکان، وە کۆمەڵە زمانێکی دیکەش لە نوسراوەکانیان رەنگی داوەتەوە، وەك دیارە لەساڵی ٢٠٠٠ پێش زایین زمانی کابدۆکیەکان تێکەڵ بە زمانی حیسیەکان بووە، هەروەها زمانی ئەکەدیەکانیشیان بەکارهێناوە بەتایبەت لە ئاڵ وگۆری نامەکانی نێوانیان کە بە خەتی بزماری نووسراوە . بەڵام لە نوسراوە پاشاییەکان و دینیەکاندا تەنیا زمانی خۆیانی بەکارهێناوە لەرێگەی رێنووسی هیرۆگلۆفی و بزماری.